# حوکمی زیندان بۆ هەڵسوراوێکی کورد لە سنە

بە پێی هەواڵی هەواڵدەری موکریان نیوز، دادگای رژیم لە سنە کەسێکی خەڵکی شاری سنەی بە ناوی کاوە پەرویزی کوڕی ئیسماعیل بە زیندان مەحکوم کرد.

ناوبراو نزیك بە دوو مانگە لە زیندان دایە و بە تاوانی تێکۆشان دژ بە رژیم و ئەندام بوون لە یەکێك لە هیزە سیاسیەکانی کوردستان، لەلایەن دادگای رژیم لە شاری سنە بە ٦ ساڵ زیندان مەحکوم کرا و ئەو حوکمە لە دادگای پێداچوونەوەی کەم کرایەوە بۆ ٤ ساڵ.

شایانی باسە کاوە پەرویزی ئێستا لە زیندانی ناوەندی شاری سنە زیندانی کراوە.